کونسڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبووە

ئێلینا ڕۆمانوسکی، کونسڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس بڵاویکردەوە، خۆشحاڵم بە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی و گفتوگۆکردن لەسەر پەیوەندییەکانمان. باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراق نوسیویەتی، باسمان لە بارودۆخی هەرێم و هاوکارییە بەردەوامەکانی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و پشتیوانیمان کرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بێگەرد لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە 20 تشرینی یەکەمی ئەمساڵ.